# قەزای سەڵاحییە(کفری) لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا ١٨٥٢- ١٩٠٠

**د. سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا**
دکتۆرا لە مێژووی عوسمانی، زانکۆی ئەستەموڵ
مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەزوور.
samanrasheed84@gmail.com

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/٢٠ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

پێگەی جیۆگرافیی قەزای کفری لەسەردەمی عوسمانیدا، لە گرنگترین بازنەکانی بەیەکگەیاندنی ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتی بەغدا و بەسرە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندیی قەزاکە بە سامانی سروشتی لە لایەک، تێپەڕینی یەکێک لەگرنگترین کاروانەڕێیەکانی بازرگانی نێوان موسڵ- بەغدا بەناو دڵی قەزاکە و بوونی جێ هەوارگەی زستانەی کۆنفیدراسیۆنی گەورەی هۆزی جاف لەم قەزا دا لەلایەکی دیکە. کارێکی وایانکردووە کفری پێگەیەکی پڕبایەخ و گرنگی لە سەردەمی عوسمانیدا هەبێت و ئەوەش بە ڕوونی لەبەڵگەنامەکانی ئەو دەوڵەتەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەو سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوە قەزای کفری لە (١٨٥٢-١٩٠٠) لەبەڵگە نامە کانی دەوڵەتی عوسمانی دا کردۆتە بابەتی سەرەکی خۆی و مەبەستێتی لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە فەرمییەکان: پرسی لایەنی کارگێڕیی قەزاکە، بایەخی سەرچاوەی سروشتی قەزاکە(خەڵوزی کفری) بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و ئافاتە سرو شتییەکان، ڕاکێشانی هێڵی تەلەگراف بۆ قەزای کفری و گرنگترین پرۆژەکانی بیناکاری و نۆژەنکردنەوە لە قەزاکە لە ماوەی دیاریکراو دا، بکاتە تەوەرە سەرەکییە کانی خۆی. ئەوەی ئەم توێژینەوە جیادەکاتەوە لەوانی تر ئەوەیە توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی بەڵگە نامەییە و کۆی تەوەرە کانی توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە نامە فەرمی و بڵاونەکراوەکان ئەنجام دراوە. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەش میتۆدی زانستی مێژوویی(وەسفی و شیکاری) دەگیرێتەبەر بۆ خستنەڕووی زانیاری ناو بەڵگەنامەکان.

وشەی کلیلی: قەزای کفری، هێڵی تەلەگراف، ڕەوشی بیناسازی، دەوڵەتی عوسمانی.

**الملخص**

كان الموقع الجغرافي لقضاء كفري خلال الفترة العثمانية سبباً في جعله أحد أهم المحاور التي تربط الموصل ببغداد والبصـرة. و قد عُزيت هذه الأهمية إلى عدة عوامل، منها الموارد الطبيعية الوفيرة التي يتمتع بها القضـاء، وموقعه على طريق تجاري رئيســي بين الموصــل و بغداد يمر عبر قلب القضــاء، و دوره كموقع شـتوي لعشـيرة الجاف الكبيرة. وقد جعلت هذه العوامل مجتمعة من كفري مركزاً حيوياً و مهماً خلال الفترة العثمانية، كما تشــهد بذلك وثائق الدولة العثمانية.

يركز هذا البحث على قضاء كفري بين عامي ١٨٥٢ و١٩٠٠، ويدرس في ضوء وثائق الأرشيف العثمانية الرسمية جوانبه الإدارية، والأهمية الاقتصــادية لموارده الطبيعية (وخاصــة فحم كفري)، وتأثير الأوبئة، وانتشــار الأمراض، والكوارث الطبيعية، وإنشاء خطوط التلغراف، ومشاريع البناء والاعمار التي نفذت في القضاء خلال الفترة المذكورة.

ما يميز هذه الدراسـة هو اعتمادها على الأدلة الوثائقية، حيث يعتمد البحث على مصـادر رسـمية وغير منشـورة، مع الالتزام بالمنهج التاريخي العلمي الذي يتضــمن الأســاليب الوصــفية و التحليلية لوضــع المعلومات في ســياقها داخل الوثائق.

**الكلمات المهمة: قضاء كفري، البناء والاعمار، خطوط التلغراف، الوثائق العثمانية، الدولة العثمانية.**

**Abstract**

The geography position of the Kifri district during the Ottoman period made it one of the most important hubs connecting Mosul to Baghdad and Basra. This significance was attributed to several factors, including the district's abundant natural resources, its location on a major trade route between Mosul and Baghdad that passed through the heart of the district, and its role as a wintering site for the powerful Jaf Confederation. Together, these factors rendered Kifri a vital and significant center during the Ottoman period, as evidenced by Ottoman state documents.

This research focuses on the Kifri district between 1852 and 1900, examining, in the light of formal Ottoman archive documents, its administrative aspects, the economic significance of its natural resources (notably Kifri coal), the impact of pandemics, the spread of diseases, natural disasters, the establishment of telegraph lines, and major construction and renovation projects undertaken in the district during the specified period.

What distinguishes this study is its reliance on documentary evidence. The research is based on official and unpublished sources, adhering to a scientific historical methodology that incorporates descriptive approaches to contextualize the information within the documents.

**Keywords:** Kifri district, construction and renovation, telegraph lines, epidemics and natural disasters, Ottoman state.

**پێشەکی**

قەزای کفری(ســەلاحییە) بەهۆی گرنگی و بایەخی هەڵکەوتەی جوگرافی و دەوڵەمەندی قەزاکە بە ســەرچاوەی ســروشــتی و مرۆیی هەمیشــە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی دەســەڵاتداری لۆکالی(میرنیشــینی بابان) و دەوڵەتی عو سمانی بووە. بەڕادەیەک گرنگی و بایەخی ئەم قەزایە لە سەدەی نۆزدەهەمەد ا بۆ دەوڵەتی عو سمانی یەکجار زیاد دەبێت ئەوەش ڕەنگە لەپاڵ هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی کە یەکێک لە شارێگاکانی بەیەکگەیاندنی ویلایەتی موسڵ و بەغدا بە کفریدا تێپەڕیکردووە، بریتیی بووبێت لە چەند پاڵدەرێکی دیکە لە نموونەی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوری قەزاکە. قەزای کفری خاوەن بونیادێکی ئیتنیکی تێکەڵاوبووە، هەریەکە لە نەتەوەکانی کورد، تورک و عەرەبی تێدا ژیاوە. هەرچی بونیادی ئابوورییەکەیشــێتی ســەرەڕای بازرگانی، کشــتوکاڵ و پیشــەیی دەســتی لە دیارترین پێکهێنەرەکانی بونیادی ئابوری قەزای کفری بووە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستەمی زایینی دا.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

نووســین و ئامادەکردنی توێژینەوەی لەبەر ڕۆشــنایی زانیاریی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان لەڕووی زانســتییەوە بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە ئەم جۆرە ئامادەکردنی توێژینەوە بەپێی بەڵگەنامەکان لە لای ئێمە هێشــتا باو نییە و کەم ئاوەڕیان لێدراوەتەوە، لەبەرئەوەی خستنەڕوو و شرۆڤەی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان دەتوانێت کۆمەکێکی باش بە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی قەزاکە بکات. ئەم توێژینەوەی، چەند لایەنێکی مێژووی شارستانی و ژیاریی قەزای کفری خستووەتەڕوو و هەوڵیداو ڕووناکی بهاوێتەسەر چەند گۆشەیەکی تاریک مێژووی قەزاکە.

**ئامانجی توێژینەوە**

ســەرەڕای بایەخ و گرنگی پێگەی جوگرافی و مێژوویی قەزای کفری، زانیاری لەمەڕ مێژووی شــارســتانی و ژیاریی قەزاکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە سەرچاوە کوردییەکاندا بە ئەندازەیەک کەم و دەگمەنە نزیکە لە نەبوون، ئەوەش وایکردووە بەشــێک لە مێژووی ئەو قەزا گرنگە بە نادیاری و تەم ومژاوی بمێنێتەوە، هەربۆیە ڕەواندنەوەی ئەو تەم ومژەی ســەر بەشــێک لە مێژووی قەزاکە، و تەکاندنی تۆزی ســەر چەند لاپەڕەیەکی مێژووی قەزای کفری ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.

**میتۆدی توێژینەوە**

لە نوســینی ئەم تویژینەوەدا زیاتر ســود لە میتۆدی وەســفی و مێژووی وەرگیراوە، لەهەندێک بابەتدا بەتایبەتی بەشێک لە زانیاری ناو بەڵگەنامەکان میتۆدی شیتەڵکاری بۆ تێڕامان و شیکردنەوەی بابەتیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە پێڕەوو کراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ، پێشــەکی، پێنج باســی ســەرەکی و چەند تەوەرێک پێکهاتووە: **باســی یەکەمدا: دامەزراندنی قائیمقامییەتی قەزای کفری لە ســیســتمی نوێی کارگێڕیی**

**عوســمانی ١٨٥٤ دا. باســی دووەم: ســوودوەرگرتن لە خەڵوزی کفری بۆ کارپێکردنی کەشــتییەکانی نێوان بەغدا بەسرە ١٨٥٢ز. لە باسی سێیەمدا : بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و ئافاتە سروشتییەکان لە قەزای کفری دا. باسی چوارم: ڕاکێشانی هێڵی تەلەگراف بۆ قەزای کفری. با سی پێنجەم: گرنگترین پرۆژەکانی بیناکاریی و نۆژەنکردنەوە لە قەزای کفری ١٨٥٢-١٩٠٠ز لەم با سەدا لەچەند تەوەرێکدا لە چەند پرۆژەیەکی بینا سازی و نۆژەنکردنەوە لە قەزای کفریدا** باسکراوە. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوە نوسراوە.

**١. دامەزراندنی قائیمقامییەتی قەزای کفری لە سیستمی نوێی کارگێڕیی عوسمانی دا**

دوای کۆتایی هێنان بە دە سەڵاتەخۆجێییەکان لە سەر دە ستی دەوڵەتی عو سمانی، بڕیاری دووبارە ڕێکخستنەوەی فۆرمی کارگێڕیی ویلایەت و سەنجەق و قەزاکانی دەوڵەتی عو سمانی دراوە. لەو چوارچێوەش بڕیار دراوە قەزاکانی: کفری، قەرەتەپە، توزخورماتوو و زەنگاباد کە چوار قەزای ســەربەخۆ بوون و ســەربە ویلایەتی شــارەزوور بوون، یەکبخرێن و دووبارە یەک قائیمقامییەتیان لێ پێکبهێنرێت.[1] ئەمەش بە ڕاســپاردەی نوســراوێکی وەزارەتی دارایی و مەزبەتەی مەجلس محاسەبەی مالییە، کە بۆ مەجلس والای[2] ناردووە، تێیدا هۆکارەکانی پێکەوەلکاندنی ئەو چوار قەزا و ڕێکخســتنەوەی لە چوارچیوەی یەک قائیمقامییەتدا بەناوی قائیمقامییەتی کفری بەدوو هۆکار خستۆتەڕوو: یەکەم، گرنگی و بایەخی شوێنی جوگرافی ئەم چوار قەزایە و نزیکییان لەیەکترەوە. دووەم، بەمەبەستی باشتر ئیدارەدان و چەســپاندنی ئەمن و ئاســایشــیان. بڕیار بدرێت ئەم چوار قەزایە یەکبخرێت و ســەرلەنوێ قائیمقامییەتێکی لەوێدا دابمەزرێنرێت و نەفتچی زادە عومەر ئەفەندی ئەندامی مەجلســی کەرکوک کە زانیارییەکی زۆری لەبارەی ناوچەکەوە هەیە بە مووچەی (٣٠٠٠)قروش بکرێتە قائیمقام، کاتبی قەڵەمی کورســی ئەیالەت محەمەد ئەفەندی بە مووچەی(٤٥٠) قروش بکرێتە نووســیاری فەرمت قەزاکە، مەحموود ئەفەندیش بە مووچەی(٣٥٠) قروش بکرێتە مال کاتبی(ژمێریار)، بەپێی پێویســتی و بە مووچەیەکی شــایان نوســەرێکی عەرەبی و یەکێکی فارســی دابمەزرێنرێت، بە مووچەی (١٠٠) قروش کەسـێک بە چاوش دابمەزرێنرێت کە بۆ کاروباری زەبتییە و باج کۆکردنەوە بەکاربهێنرێت. هەروەها (١٨) کەس لە زەبتییەی پیادەی بۆ دابمەزرێنرێت. نوســراوەکەی وەزارەتی دارایی لەبارەی چۆنییەتی دامەزراندی قائیمقامییەتە نوێیەکە زانیاری زۆرتر دەخاتەڕوو و داوای کردووە، کفری بکرێتە مەرکەز و ئەنجومەنێکی ئیداریشی بۆ دابمەزرێنرێت. لەو پێنج ســەت ســەربازەی بۆ پارێزگاریکردن لە قەزا ناوبراوەکان دانراوە ســەت دانەیان هەڵبژێردرێت بۆ قەزای

---

1 BOA. İ.MVL. 314. 13182.

٢ **مەجلس والا**: یان (مجلس والای احکام عدلیە) سوڵتان مەحموودی دووەم دایمەزراندووە، کاری سەرەکی ئەم مەجلیسە بریتی بووە لە ئامادەکردنی ئەو پرۆژە یاسا و لایحانەی کە بۆ ڕیفۆرمکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت پێویست بوون، لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان دەوڵەت و تاکەکان و دادگای فەرمانبەراندا ڕوویاندەدا، هەروەها ئەم مەجلیسە ڕاوبۆچوونی لەبارەی کاروباری دەوڵەتەوە دەخستەڕوو، لە سەرەتادا ئەم مەجلسە لە سەرۆکێک و پێنج ئەندام بە پلەی وەزیر پێکهاتبوو، لە ساڵی ١٨٥٤ بەدواوە ئەم مەجلیسە دەستبەرداری دەسەڵاتی ئامادەکردنی یاسا و لایحەکان بوو بۆ(مجلس عالی تنظیمات). د. صالح سعداوی صالح، مصطلحات التاریخ العثمانی، معجم موسوعی مصور، المجلد الثالث، دارة الملک عبدالعزیز، ٢٠١٦، ص١٢٤٠-١٢٤١.

ناوبراو.[3] شایەنی باسە ناوەڕۆکی ئەو نوسراوەی وەزارەتی دارایی وەک خۆی بە نوسراوی فەرمی و بە مۆری ئەندامانی مەجلس والا بە مەبەستی پەسەندکردنی لەلایەن سەدر ئەعزەم(سەرۆک وەزیر) لە (٣١ ئابی ١٨٥٤ز) بۆ سەدارەتی عوزما(سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) نێردراوە.


بەوجۆرە و لەسەر بنەمای نوسراوی مەجلسی والا، هاوپێچ لەگەڵ نوسراوەی وەزارەتی دارایی و مەزبەتەی مەجلس محاسەبەی دارایی لە بارەی دامەزراندنی قائیمقامییەتی کفری، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیی سوڵتان(ئیرادەی سەنییە) لە بەرواری(١٨ی زیلحجەی ١٢٧٠ک / ١١ی ئەیلول ١٨٥٤ز) بە واژۆی سەدر ئەعزەم خراوەتە بەردەم(سوڵتان)، سوڵتانیش لەسەر بنەمای تەزکیرەی سامی(نوسراوی سەدرئەعزەم) و مەزبەتەی ناوبراو لە (١٩ی زیلحجەی ١٢٧٠ک/ ١٢ی ئەیلولی ١٨٥٤ز)[4] ڕەزامەندی نیشانداوە و ئیرادەی سەنییە(فەرمانی سوڵتانی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی نوسراوەکەی سەدر ئەعزەم دەرکردووە.[5] بەمجۆرە دەکرێت ڕۆژی ١٢ی ئەیلول ١٨٥٤ بە ڕۆژی دامەزراندنی قەزای کفری دابنرێت.

بڕیاری سەدر ئەعزەم و ڕەزامەندی سوڵتان لە(١٩ی زیلحجەی ١٢٧٠ک/ ١٢ی ئەیلولی ١٨٥٤ز) بۆ یەکخستنی هەر چوار قەزای کفری، قەرەتەپە، توزخورماتو وزەنگاباد لە قائیمقامیەتی قەزای کفریدا

3 BOA. İ.MVL. 314. 13182. 1.

٤ جێگەی ئاماژە بۆکردنە، ئەگەرچی ئەو بەروارەی لەسەر ئەم بەڵگەنامەی کە تایبەتە بە کردنی کفری بە قەزا، وەختی خۆی پرۆفیسۆر فازل بەیات لە وتارێکیدا، ڕێکەوتی مێژووی سەر بەڵگەنامەکەیان بە(١٨ی سەفەری ١٢٧٠کۆچی/ کە دەکاتە ٢٠نۆڤەمبەری ١٨٥٣زایینی)خوێندبووەوە، ڕێکەوتی ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٨٥٣ی بە ڕۆژی بوون بە قەزای، کفری لە قەڵەم داوە، دوای ئەویش سهیل خورشید عەزیز لە پەرتووکی" ئابوری ناوچەی کفری لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان ١٨٥٠-٢٠١٨" ئەویش بە پەیڕەو لە خوێندنەوەکەی پرۆفیسۆر فازل بەیات هەمان ڕێکەوتی لە نووسینەکەیدا داناوە، لەوە بەدوایش توێژەران و لایەنی ئیداری قەزاکەیش ئەو مێژووەیان بە مێژووی بوونی کفری بە قەزا ناساندووە، بەڵام من دوای تەماشاکردن و وردبوونەوە لە مێژووی بەڵگەنامەکە بۆم دەرکەوت ئەو خوێندنەوە لەجێگەی خۆیدا نییەو بە نادروستی خوێندراوەتەوە، ڕەنگە هۆکاری ڕوودانی ئەو هەڵەیش نزیکی شیوازی نوسینی ناوی مانگی (زیلقەعدە و سەفەر) بێت بە شێوەی (کۆد واتا بە پیت)، بەجۆرێک کۆدی مانگی سەفەر پیتی(ص)ە و کۆدی مانگی زیلقەعدەیش پیتی(ذا) بەوەیش پیتی زاکە لەبەرئەوەی بە خێرای نوسراوە و لەو جۆرە بەڵگانە بەسەر یەکەوە نوسراوە و شێوەی(ص) یان (حا)یەکی وەرگرتووە. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم بە خودی پرۆفیسۆر فازل بەییاتەوەکرد کە ئێستە لە مەرکەزی(ئیرسیکا)یە لە ئەستەموڵ، لەو بارەیەوە بە نووسین و لە ڕێگەی واتس ئاپەوە نامەگۆڕینەوە لەنێوانمان دا ڕوویدا، گەرچی جاری یەکەم باوەڕی وابوو ئەوە پیتی(ص) و دەبێت بەسەفەر بخوێنرێتەوە، بەڵام دوای خستنەڕووی بەڵگە و ڕوونکردنەوەکانم و لێکۆڵینەوەی زیاتری خۆی، دانی پێدا نا، گووتی دەبوو وردتربا لە کاتی نوسینی ئەو وتارەیدا لەباری بوونی کفری بەقەزا، ڕایگەیاند: بەڵی ئەوە(ص) نییە و (ذا)یە دەبێت بە بە مانگی زیلقەعدە بخوێنرێتەوە بەوجۆرەیش مێژووی بوون بە قەزای کفری دەبێتە(١٩ زیلقەعدەی ١٢٧٠کۆچی/ دەکاتە ١٢ی ئەیلولی ١٨٥٤ز) نەک ٢٠ نۆڤەمبەری ١٨٥٣زایینی.

5 BOA. İ. MVL. 314. 13182. 2.




**İ.MVL.00314**

٢. **سوودوەرگرتن لە خەڵوزی کفری بۆ کارپێکردنی کەشتییەکانی نێوان بەغدا بەسرە ١٨٥٢ز.**

قەزای کفری جیالەوەی خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگ بووە و کەوتۆتەســەر کاروانەڕێگای بازرگانی ویلایەتی موسڵ- بەغدا و بە پێچەوانەشەوە. شوێنێکی دەوڵەمەند بووە بە دەرامەتی سروشتی جۆراوجۆر، گەڕۆکی ناوداری ئینگلیزی ریچ کە لە ساڵی ١٨٢٠دا سەردانی ناوچەکەی کردووە لە گەشتنامەکەیدا باسی لە دەوڵەمەندی قەزای کفری بە کانزای نەوت کردووە، باسی لەوەکردووە لە زنجیرەی زوورگە گەچۆڕەکانی کفریدا چاوگەی نەوت هەبووە و لەبارەیەوە بەســەرهاتی کەســێکی گێراوەتەوە: " ســاڵێک بەر لەئێســتا، چاوگەیەکی بچووک، لەو زوورگانەدا، لە دووری چەند دەقیقەیەکدا لە خۆرئاوای کفری دۆزرایەوە، بەڵام ئەو گوندنیشــینەی دۆزیبوویەوە، حکومەتی تورکی گرتبووی و

دارکارییەکی زۆری کردبوو، لەسەر ئەوەی ئاخۆ پێش ئاشکراکردنەکەی، نەوتی لەو چاوگە دۆزراوەیە فرۆشتووە؟ لەتاو ئەو ئازارەش کە لەئەنجامی ئەم دۆزینەوە شوومە تو شی هاتبوو، ناچارببوو بەماڵ و منداڵەوە بۆ ئێران بچێت و لەوێ وەکو خۆی دەڵی ئاسوودە لێی دانیشتووە. ڕێکەوتیش وابوو، ئەو کاتەی ئەو لە کفری بوو، منیش هەر لەوێ بووم، بۆ هەندێ کارهاتبوو، خۆی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێرامەوە..."[٦]

دوای گەڕان و پشکنینمان لەبەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیشدا لەم بارەیەوە، توانیمان چەند بەڵگەنامەیەک دەستبخەین کە باس لە دەوڵەمەندی قەزای کفری بە کانزای خەڵوز و گرنگی وبایەخی خەلوزی قەزای کفری بۆ کارپیکردنی کەشتییەکانی نێوان بەغدا- بەسرە دەکەن، لەوبارەیەوە زانیاری گرنگ و نەبیستراویان تێدایە.

وەک زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانییدا دەردەکەوێت، دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناو ئاوەکانی بەسرە، چە ند کەشتی(واپور)ێکی لە وڵاتی بەریتانیا داواکردووە بیکڕێت و بەڵگە نامەکە ئا ماژەی بەوەکردووە، پرۆسەکە وەختە بە کۆتا بگات و داواکراوەکان بەدەست بگەن.[٧] بۆ ئەو مەبەستە موشیری لەشکری عێراق و حیجاز نامیق پاشا لە نوسراوێکیدا کە لە(١٥ی حوزەیرانی ١٨٥٢ز) بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردوویەتی، باسی لەوەکردووە، ئەو دوو کەشتییەی بۆ ڕووباری کەندا(شط نهری) لەلای بەسرە کە لە لەندەن دروستکراون داواکراون، زۆرنابات بەسەلامەتی دەگەنە لای بە سرە، سوارە و زابتی پێویستیان لەو ئەفسەرە دەریاییانەی کە لە(سفن همایونی شاهانە) بۆ دادەنرێن و دادەمەزرێنرێن.[٨]

دیارە دەسەڵاتی لۆکاڵی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە و والی بەغدا کەوتوونەتە گەڕان بەدوای پەیداکردنی سەرچاوەی سووتەمەنی بۆ بەگەڕخستن و کارپێکردنی ئەو کە شتییانە، سەرەتا لە ناوچە شاخاوییەکانی سەنجەقی سلێمانی گەڕاون و هە ندێک کانزایان دەستخستووە و پێیان وابووە خەڵوزە، دوای ناردنی نموونەی ئەو کانزا دۆزراوانەی ناوچە شاخاوییەکانی سەنجەقی سلێمانی بۆ ئەنجامدانی پشکنین، بۆیان دەرکەوتووە کە خەڵوز نەبوون، بەڵکو جۆرێک بووە لە زیفت(قیر)، بەپێی نوسراوەکەی موشیری لەشکری عیراق و حیجاز، دەرکەوتووە هەم توانای سووتانی کەم بووە و هەمیش بەهۆی سەختی ڕێگای ناوچە شاخاوییەکان و دووری لە بەغداوە سوودی ئابووری کەم بووە و تێچووی زۆری پێویستبووە.[٩]

دوای بێئومێدبوون لە کەڵک و سوودی ئابووری و کرداری ئەوە سەرچاوە سووتەمەنییەی لە چیاکانی سەنجەقی سلێمانیدا دۆزراوەتەوە، کەوتوونەتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی سووتەمەنی پێویست بۆ کارپێکردنی ئەو کەشتییانەی

---

٦ کلاودیۆس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، بەرگی یەکەم، لە عەرەبییەوە، محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٥٣.

7 BOA. İ.DH. 246. 14981. 4.

8 A. b

9 BOA. İ.DH. 246. 14981. 1.

باســـکران، بەڵام ئەمجارە لە قەزای کفری، لە ئاکامدا لە دەوروبەری قەزای کفری بڕێک باش لە جۆری خەلوزی باش کە بەکەڵک بێت بۆ کارپێکردنی کەشـتییەکانی نێوان بەغدا و بەسـرەیان دۆزیوەتەوە. لە نوسـراوەکەی موشـیری سـوپای عێراق و حیجاز ئاماژەی بەوەکردووە، لە دووری چارەکە ســـەعاتێک ڕێ لە دەرەوە شـــارۆچکەی کفری کانێکی یەکجار دەوڵەمەند بە خەڵوز دۆزراوەتەوە، کە ماوەی نێوان شـــارۆچکەی ناوبرا لەگەڵ ڕووباری دیالە(ســـیروان) پێنج شـــەش ســـەعاتەڕێیە، کە دەتوانرێت لە وەرزی ئاوزۆریی ڕووباری ناوبراو(بەهار و زســـتان)دا بەلەم و کەڵەک(قایق)ی تێدا بەگەڕبخرێت و لەو ڕێگەیەوە کانزای ناوبراوی بە ئاســـانی و بە تێچوویەکی کەم بۆ کەشـــتییەکانی بەغدا و بەســـرە بگوازرێتەوە.[10] بەمەش بە ئاشکرا بایەخ و گرنگی ئابوری خەڵوزی کفری بۆ کارپێکردن و بەگەڕخستنی ئەو کەشتییانەی ناو ئاوەکانی بەغدا و بەسرە دەردەکەوێت. لەنوسراوەکەدا بەڕوونی ئاماژەی بە باشی جۆری خەڵوزەکە، زۆری بڕەکەی، نزیکی لە ڕووباری دیالە(سیروان) و ئاسانی گواستنەوەی و کەمی تێچووی کراوە.

دوای دۆزینەوە و نیشاندانی گرنگی و بایەخی ئەو کانە خەڵوزەی لە کفری دۆزراوەتەوە لەلایەن موشیری لە شکری عیراق و حیجاز، ئینجا بۆ پشـکنین و لێکۆڵینەوە کردن لەسـەر نموونەی ئەو خەڵوزە، دوو(قییە)[11] لەو خەڵوزە نێردراوە بۆ پایتەخت، نموونەکان لەلایەن فەریق ســـاڵح پاشـــا و چەرخچی باشـــی پشـــکنین و تاقیکردنەوەی لەســـەر کراوە، ناوبراوان ئەوە یان ڕاگە یا ندووە، لەبەرئەوەی نموونە کان زۆر چەوربووە(ڕێژەیەکی زۆر ڕۆنی تێدابووە) جیالەوەی تایبەت و بەهاکەی سـووتەمەنییەکەی بەرزبووە، لەهەموو ئەو گازانەی تر کە کەشـتییەکان سـووتاندوویانە باشـتر و بەکەڵکترن. بەوەش لە دۆزینەوەی چارە سەر بۆ دابینکردنی کانزای خەڵوز بۆ کە شتییەکانی بەغدا و بە سرە دڵنیابوون. بەوشـێوە دۆزینەوەی ســەرچاوەیەکی کانزایی وەها لە شــارۆچکەی ناوبراو، لە نزیکی ئەو ڕووبارانە بایەخ و کەڵکی ئابوری لەبەرچاو ڕوون و ئاشکرایە.[12]

دوا بەدوای ئەوە نوسراوانە، دەقی ڕاپۆرتی چەرخچی باشی و وەرگێرانەکەی و ڕەزامەندی سوڵتانی و سەدارەت و لەســـەر بنەمای" کاری خێر و چاکە دواناخرێت" الخیر لایؤخر "، بڕیاردراوە دەســـت بەهەڵکەندن و دەرهێنانی کانزای ناوبراو بکرێت، چونکە بۆ بەگەڕخستن و کارپێکردنی کەشتی ئەو شوێنانەی ناوبران کە هێزی پەنجا بارگیریان هەبووە، حســـابکراوە هەموو کاتژمێرێک (٨ قنطار) هەشـــت قینتار خەڵوز خەرج دەکەن، لەبەرئەوەی دیارنییە ماوەی نیوان بەغدا- بەســـرە بەڕووباردا چەند کاتژمێرە، نازانرێت مانگانە بڕی چەندێک کانزای خەڵوز بدرێت بەو کەشـــتیانە، لەبەرئەوەی لەحاڵێکدا بوونی بڕی پێویسـت خەڵوز لە دووکان نەزانرێت و نەخەمڵێنرێت، هەربۆیە پێویسـتە لە هەموو دۆخێکدا دووکانێکی کانزای خەڵوز لە بەغدا و یەکێکی دیکەش لە بەســـرە دروســـت بکرێت، ئەگەر دروســـتکردنی دووکانی دیکەش بە پێویســـت زانرا، ئەوا لە جێگەیەکی گونجاو لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا بە گوێرەی پێویســـت یەک دوو

10 BOA. İ.DH. 246. 14981. 1.

١١ قییە: Kıyye یەک قییە یەکسان بووە بە ١،٢٨٨کگم بڕوانە : Mesahat ve Ekyal ve Evzan-ı Cedideye dair Kanunname,1285(1868)

12 BOA. İ.DH. 246. 14981. 4.

دووکـانی خەڵوز دروســـت بکرێـت، ئەو بڕە خەڵوزەی دەردەهێنرێـت بگوازرێتەوە بۆ ئەو دووکـانـانە، خەرج و تێچووەوەکەیشی تاوەکو دەرچوونی ئیرادەی سەنییە لەوبارەیەوە لە داهاتی ئەیالەت پاکتاوبکرێت.[13]

شایەنی باسە لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ تایبەت بە ساڵی ١٩١٢ز یشدا باس لە خەڵوزی کفری کراوە، ساڵنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە لەناو قەزای کفری، لەنزیک شارۆچکەکە(مەبەست کفرییە) لە جێگەیەک کانزای خەڵوزی لە(نەوتی بە بەردبوو) دۆزراوەتەوە و بەکاریش هێنراوە، لەوەش زیاتر، ساڵنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە، ساڵانە بڕی(١٠٠،٠٠٠) قییە خەڵوز بەرهەمهێنراوە و فرۆشراوە.[14] ئەممەش ئاماژەیەکی ڕوون و ڕاشکاوە هەم بۆ دەوڵەمەندی قەزای کفری بە سامان کانزایی خەڵوز، هەمیش بۆ گرنگی و بایەخ ئابووری خەڵوزی قەزاکە، هەڵبەت ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی خەڵوز وەک سـەرچاوەیەکی سـەرەکی دابینکردنی سـووتەمەنی و کارپێکردنی کەشـتی و ئامرازەکانی گواسـتنەوە لەو ماوە مێژووییەدا.

٣. **بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و ئافاتە سروشتییەکان لە قەزای کفری دا**

بڵاوبوونەوەی پەتاو و نەخۆشـــییەدرمەکان یەکێک بووە لەو گرفتە تەندروســـتییانەی زۆرجار بەرۆکی خەڵکانی بندەســـتی دەوڵەتی عوســـمانی گرتووە، لەوچوارچیوەدا و بە پێی زانیارییەکانی ناوبەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ناو ئەرشیفی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٨٨٩-١٩٠٠ز دا لەچەند جێگەیەکی قەزای سەلاحییە پەتا و نەخۆشی درم لە جۆری (کولێرا و تای پیس) بڵاوبووەتەوە چەند جارێکیش شـــاڵای کولله زەرەوزیانی زۆری بە بەرووبوومی کشـــتوکاڵی جوتیارانی قەزای کفری گەیاندووە.

بەپێی زانیارییەکانی ناو نوســـراوێکی وەزارەتی ناوخۆ کە لە(٢٧ئابی ١٨٨٩ز) بۆ وەزارەتی تەندروســـتی نێردراوە، تێیداهاتووە کە نەخۆشی کولێرا لە بەغدای گرتۆتەوە و بۆ ڕیگریکردن لە گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی لەلای باکورییەوە لە ســـەلاحییە " کەرەنتینە"یەک دامەزرێنراوە و داواکراوە ڕێوشـــوێنی تونـد و تۆڵ بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوە بگیرێتەبەر.[15] دیارە ســـەرەڕای ڕێوشـــوینەکان نەخۆشـــی کۆلێرا لە ســـەلاحییە بڵاوبووەتەوە، ئەوەش بە ڕوونی لە نوســـراوێکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەزارەتی تەندروســـتی نێردراو لە(٢١ ئەیلولی ١٨٨٩ز)دا هاتووە، ســـەرەڕای ئەوەی ئەوەی نەخۆشـی کولێرا لە سـەلاحییە بەردەوامە، ئەو پزیشـکی کەرەنتینەی دەوڵەت بۆ سـەلاحییە ناردوویەتی شـەو وڕۆژ سـەرقاڵی ژیانی تاکەکەسـی خۆی بووە.[16] لەبەر بێ پەروایی پزیشـکی ناوبراو، وەزارەت بڕیاری ناردنی پزیشـکی کەرەنتینە دیکەی بۆ کفری داوە بەناوی (میســـۆ غۆتە) لەگەڵ ڕاســـپاردنی پزیشـــکێکی ســـەربازی ســـلێمانی بۆ ئەو

13 BOA. İ.DH. 246. 14981. 4.

١٤ موصل ولایتی سالنامەسی، ١٣٣٠ سنە هجریەسنە مخصوص اولمق ازرە بشنجی دفعە اولەرق موصل مطبعەسندە طبع اولنمشدر، ل ٨٤.

15 BOA. DH.MKT. 1651. 118.01.

16 BOA. DH.MKT. 1659. 113. 01.

بابەتە.[17] وەک دەردەکەوێت نەخۆشییەکە لە قەزاکەدا تەشەنەی سەندووە و دەوڵەتیش بەجدیی لەسەر هێڵ بووە بۆ چارەسەکردنی نەخۆشەکان و ڕێگریکردن لە زیاتربوونی حاڵەتەکان.

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا، لەساڵی ١٨٩١دا ناوچە کشتوکاڵییەکانی قەزای سەلاحییە، بەتایبەت: قەرەتەپە، بەیات، ئێسکی کفری و میحنەی ئاباد کەوتوونەتە بەرشاڵاوی ڕەوە کولە، بەجۆرێک ئەم ڕەوە کولە زەرە و زیانێکی یەکجار گەورەیان بە بەرووبومی کشتوکاڵی ئەو ناوچانە گەیاندووە و لەناویان بردووە، لەپێناو پاراستنی ژیانی جوتیارانی ئەو ناوچە سەرۆکی کۆمیسۆنی زەوی وموڵکەکانی سوڵتان لە ویلایەتی موسڵ لە(٣١ی تشرینی یەکەمی ١٨٩١ز)دا بە واژۆی خۆیەوە نوسراوێکی بۆ سەرۆکی خەزێنەی شاهانەکردووە، لەگەڵ ئەوەی دۆخەکەی خستۆتە بەردەمیان، پێشنیازی کردووە، کە خەڵکی ئەو ناوچانەی کشتوکاڵەکانیان بەبۆنەی ئەو ئافاتە سروشتییەوە لەناوچوون، بەمەرجی ئەوەی لەساڵی داهاتوو لە وەزری خەرمان هەڵگرتندا لێیان وەربگیرێتەوە، پێویستە بڕی (١٠٠) هەزار قییە گەنم و(١٠٠) هەزار قییە جۆیان وەک قەرەبوو پێبدرێت.[18] شایەنی ئاماژە پێکردنە، خەزێنەی شاهانە بە نوسراوی ژمارە(٦٧٤) لە ڕێکەوتی(١٠ی تشرینی دووەمی ١٨٩١ز) بە واژۆی بەڕێوەبەری خەزێنەی شاهانە، بۆ وەرگرتنی ئیرادەی سەنییە ناوەڕۆکی ئەو نوسراوەی خستۆتە بەردەم سوڵتان، لەڕۆژی دواتر دا (سەرکاتبی شەهریاری) واتا قەڵەمی تایبەتی سوڵتان ڕەزامەندی و پەسەندی ناوەڕۆکی نوسراوەکەی ڕاگەیاندووە و داوای کردووە کاری پێویست لەوبارەیەوە ئەنجام بدرێت.[19] بەو شیوە حکومەتی دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری دابەشکردنی بڕی(١٠٠) هەزار قییە گەنم و(١٠٠) هەزار قییە جۆی بەسەر جوتیارانی کەرتەکانی: قەرەتەپە، بەیات، ئێسکی کفری و میحنەی ئاباد دا داوە وەک قەرەبوو بەهۆی ئەوەی بەروبوومی کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان بەهۆی شاڵاوی کولەوە تیاچووبوون.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە، لە ١ی کانونی یەکەمی ١٨٩٢ز دا وەزارەتی ناوخۆ نوسراوی بۆ وەزارەتی تەندروستی کردووە لەسەربنەمای زانیاریی ناو نوسراوی ویلایەتی موسڵ لە (ناحیەی باڵەک)ی سەربە ڕەواندز و قەزای سەلاحییە نەخۆشی (تا) بڵاوبووەتەوە و داوای کردووە ڕێوشوێنی توند لەوبارەیەوە بگرنەبەر.[20]

دیارە دواتر و ئەم نەخۆشییە تەشەنەی سەندووە و زیاتر بڵاوبووەتەوە، ئەوەش بەڕێوەبەری دائیرەی موڵک و ماڵە سوڵتانییەکانی لە خەزێنەی شاهانە خستۆتەسەر ئەو بیرەی نوسراوێک بە ژمارە(١٣١) لە بەرواری(١٥ی کانونی یەکەمی ١٨٩٢) بۆ وەزارەتی ناوخۆ بنێرێت و تێیدا، سەرەڕای ئاماژەی ڕوونی بە تەشەنەکردنی زۆری نەخۆشی (تای پیس-حمای خبیثه) و زیادبوونی زیانەکانی لە قەزای سەلاحییە، داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە ڕێوشوێنی خێرا و بگرێتەبەر و لەوبارەیەوە کاری پێویست ئەنجام بدات.[21] بێگومان ئەم نوسراوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەجدی

17 BOA. DH.MKT. 1664. 66.01

18 BOA. HH.İ. 80.85. 01.

19 BOA. HH.İ 80.85. 02

20 BOA. DH. MKT. 2026. 95. 01.

21 BOA. DH. MKT. 2031. 93. 01

وەرگیراوە و لە(١٩ی کانونی یەکەم ١٨٩٢زدا)دا وەڵامدراوەتەوە و لەوەڵامەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ خەزێنەی شاهانەدا هاتووە لەسەر بنەمای نوسراوی(١٥ی کانونی یەکەمی ١٨٩٢ز)تان لەمەڕ بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی نەخۆشی تای پیس لە سەڵاحییە، تەلەگراف بۆ ویلایەتی موسڵ کراوە و داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند و خێرا و پێویستییان لێکراوە.[22]

**٤. ڕاکێشانی هێڵی تەلەگراف بۆ قەزای کفری**

دوای بڕیاری بە مەرکەزیی کردنی کارگێڕیی ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی ز دا، پرس و بابەتی پەیوەندیکردن و هەواڵپێدان بە ویلایەتەکان بووە پێویستییەکی گەورە و گران، بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی عوسمانی کەوتە هەوڵی گرێدانی ناوچە ستراتیژی و گرنگەکان بە مەرکەزیی ویلایەتەکان و مەرکەزیی ویلایەتەکانیش بە پایتەختەوە، ئەویش لە ڕێگەی ڕاکێشانی ژمارەیەک بەرچاو هێڵی تەلەگراف، کە زیاتر مەبەست پێی خێراکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاریی و گەیاندنی ڕێنماییە کارگێڕیی، ئەمنی، سەربازیی و داراییەکانی دەوڵەت بوو بەو ناوچانە، لەو چوارچێوەشدا کفری وەک مەڵبەندێکی ستراتیژی گرنگ، لەلایەک کەوتبووە نێوان بەغدا و کەرکوک، لەلایەکی دیکەش لە هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغدای پێکەوە گرێدەدا، دەوڵەتی عوسمانی بە پێویستی زانیووە هێڵێکی تەلەگراف لە کفری دابمەزرێنرێت.

لە نوسراوێکی فەرمی کە بەژمارەی(٢٣) لە بەرواری(١٦ی تشرینی دووەمی ١٨٦٧ز) لەسەرە بۆ وەزرەتی دەرەوە نێردراوە، هاتووە بە پێویست زانراوە لە کفری، کەوتۆتە نێوان بەغدا و کەرکوک مەرکەزێکی تەلەگراف دروستبکرێت، لەو مەرکەزەدا هاوڕێ لەگەڵ مودیرێک، مەئمورێکیشی بۆ دابمەزرێنرێت، ئەگەر ڕەزامەندی (جەنابی ڕەئی عالی جەنابی وەزارەتپەناهی)ی پێبدرێت، مدیرەکە جیا لە شەش یەک، بڕی (١٠٠٠)قروش و هاوڕێ مەئمورەکەشی پێویستە (٤٠٠) قروشیان بۆ تەرخان بکرێت و مووچەی ناوبراو لە لە خەزێنەی باڵا پاکتاوبکرێت و پێیان بدرێت.[23] شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ئەم نوسراوە لە (٢١ تشرینی دووەم ١٨٦٧ز) بە نوسراوی فەرمی و بە واژۆی سەدر ئەعزەم خراوەتەبەردەم سوڵتان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی، لە(٢٢ی تشرینی دووەمی ١٨٦٧ز)دا ڕەزامەندی لەسەر دراوە.[24] بەمجۆرە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوسراوە فەرمییە، بۆ یەکەمینجار لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٨٦٧ز دا بڕیاری کردنەوەی مەرکەزی تەلەگراف لە قەزای کفری دراوە.

دواتر لە نوسراوێکدا کە لە ٣٠ ئاداری ١٨٦٨ز بە وەکالەتی وەزارەتی پۆستە و تەلەگراف بۆ وەزارەتی دارایی نێردراوە، لەبەرئەوەی ئەو هێڵی تەلەگرافەی نێوان کفری خانەقین لەنزیک بەغدا گەشتۆتە کۆتایی، سێ چاوش

22 BOA. DH.MKT. 2037. 97. 01.
23 BOA. İ.HR. 229. 13407. 01.
24 BOA. İ.HR. 229. 13407. 02.

دابنریت و دابمەزرێنرێت بۆی بە مووچەی (١٠٠) قروش لە بەرواری ١٨ی کانونی دووەمی ١٨٦٨ز یەوە بۆیان هەژمار بکرێت.[25] ئەمەش پێمان دەڵێ هێڵی تەلەگرافی نێوان کفری- خانەقین لەو بەروارەدا بەکۆتا گەیشتووە و کەوتۆتەکار.

دیارە درێژکردنەوەی هێڵی تەلەگرافی بەغدا بۆ کفری و لە کفریشـــەوە بۆ کەرکوک، بایەخ و گرنگییەکی زۆری بۆ دەوڵەت هەبووە، لەبەرئەوە وەزارەتی پۆســـتە و تەلەگراف لە بەرواری(٦ی تشـــرینی دووەمی ١٨٨٤ز) بە ژمارە (١٠١) نوسراوێکی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردووە، سەرەڕای بە پێویست زانینی درێژکردنەوەی هێڵی تەلەگرافی بەغدا بۆ کفری و کفریش بۆ کەرکوک داوای کردووە، ستوونی هێڵی تەلەگرافەکان بە ستوونی ئاسن ڕابکێشن، چونکە لەلایەک هەدنێک لەو ناوە هەڵدەســـتن بە بڕینی ســـتوونەکان، هەندێکجاریش ســـتوونەکان دەڕزێن و دەکەون، ئەوەش دەبێتە هۆی تێکچوونی هێڵەکان، بۆ ئەوە مەبەستەش وەزارەتی تەلەگراف لە نوسراوەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە، بەڕیوەبەرایەتی تەلگرافی بەغدا لە کڕینی ستوونی ئا سن ئاگادارکراوەتەوە. داواکراوە بۆ گوا ستنەوە و ناردن و دابە شکردنی ستوونە ئاســـنینەکان و تێچووی گواســـتنەوە و چەقاندنی ســـتوونەکان لە زەویی دا، پەلە بکرێت لە پاکتاوکردنی بڕی (٨٠،٠٠٠) قروش بۆ ئەو مەبەســـتە، بە کۆی گشـــتی تێچووی نۆژەنکردنەوەی هێڵەکان لە ســـاڵانی ١٨٨٤- ١٨٨٥ز لەگەڵ بەهای ئەم ســـتوونە ئاســـنینانە و تێچووی گواســـتنەوەیان(٥٨٢٠٣،١٠)قروش و دە پارە تاوەکو ئێســـتە (٥٧٩٩٩٦،٢٣) خەرجکراوە، (٢١٦)قروش ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی بڕی ئەو (٨٠٠٠٠)ە بۆ پێدانی خەرجی دیکە بە نەگونجاو زانراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کەڵک و ســـوودەکانی خێراکردن لە ڕاکێشـــانی هێڵی ناوبراو ئەوەندە زۆرە پێویســـت بە باسـکردن ناکات. بەمەبەسـتی تەواوکردنی ئەو هەموو کەڵک و ســـوودە لە کاتێکی نزیکدا داوای بڕی(٨٠٠٠٠) قروش کراوە بۆ تێچووی گواســـتنەوە و چەقاندنی ستوونەکان لە زەوییدا.[26]

جێگەی ئاماژە بۆکردنە لە یەکەمین ســـاڵنامەی تایبەت بە ویلایەتی موســـڵ کە لەســـاڵی ١٨٩١ز دا دەرچووە، لەکاتی بـاســـکردنی دامەزراوە دەوڵەتییەکـانی قەزای کفری، لەپـاڵ ئەوەی ئـامـاژەی بەوەکردووە، لە کفری ٢ مەدرەســـە، ٢ تەکییە(خانەقا) ٤ مەکتەبی ڕوشـــدییە، ١ ئاش، ٣٥ قشـــلە و بارەگای حکومەت، ١ تەلەگەرافخانەی[27]، تێدابووە، واتا ئەو تەلەگرافخانەی لە ١٨٦٧دا دامەزراوە لە ساڵی ١٨٩١زدا لەکاردا بووە و کاری کردووە.

یەکێک لە گرفتەکانی ئەو هێڵی تەلەگرافانە بریتیی بووە لە بڕینی ســـتوونەکان وپچڕانی تەلەکانیان لەلایەن خەڵکانێکەوە، لەبەڵگەنامەیەکدا ئاماژە بەوەکراوە لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ز دا ئەو هێڵەی تەلەگرافی نێوان کفری- بەغدا کە تەلەکانی پچڕاوە توانراوە چاکبکرێنەوە.[28]

**٥. گرنگترین پرۆژەکانی بیناکاریی و نۆژەنکردنەوە لە قەزای کفری ١٨٥٢-١٩٠٠ز**

---

25 BOA. HR. MKT. 607. 69.

26 BOA. ŞD. 2484. 16. 2.

٢٧ موصل ولایتی سالنامەسی، موصل ولایتی ایچون برنجی دفعە،عربی ١٣٠٨، رومی ١٣٠٣، موصل ولایتی مطبعەسندە طبع اولنمشدر، ل ١٤٢.

28 BOA. Y.MTV. 132. 123. 02.

دوای گەڕان و پشـــكنینی ئەرشـــیفی دەوڵەتی عوســـمانی دەركەوتووە لە قەزای كفری لە ماوەی ناوبراودا چەندان پرۆژەی بینـاكـاریی و نۆژەنكردنەوە لە چوارچێوەی قەزاكەدا ئەنجـامـدراوە، لەبەر كەمی دەرفەت لەم توێژینەوەدا ناتوانرێت هەموو پرۆژەكان و وردەكارییەكانیان بخرێتەڕوو، لەبەرئەوە هەوڵدەدرێت كە دیارترین و گرنگترین ئەو پرۆژانە بەكورتی بخرێتە بەرباس و توێژینەوە

**١،٥. نۆژەنكردنەوەی پردی سەر ڕووباری نارین ١٨٥٥ز**

ڕووباری نارین، كە لە كۆبوونەوەی ئاوی ســەرچاوە و كانییەكانی: (نەفت دەرە)، قوری چای، ســەلاحییە، ســناجرە، شوردە، چیمەن پێكهاتووە، بە تێپەڕین بە گەرووی (فكە) دەچێتەناو زەوییەكان ناحیەی قەرەتەپەوە و بەلای با شوردا دەڕوات و لە لای ڕاستی دارستانی (بەرەدان) دەگات بە ڕووباری دیالە.[٢٩]

وەک لە بەڵگە نامە كا ندا دەردەكەو یت، د یارە لەســـەر ئەم ڕوو بارە پرد ێک هەبووە، بایەخی میریی، بازرگانی و زیندووی هەبوو، چونكە ڕێگەی پۆســـتە، كاروان و ڕێبوارانی پێدا تێپەڕبووە، كەوتۆتە دووری (دوو ســـەعات ونیو ڕێ(لەسەر ئەو ڕێگایەی ئەستەموڵ – بەغدای پێكەوە بەستۆتەوە، لەو ڕاپۆرتەدا كە وەزارەتی دارایی لەمەڕ پیویستی نۆژەنكردنەوەی ئەم پردە بۆ مەجلسی والای ناردووە، هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو پردە هیچ جۆرە وەقفێكی لەسەر نییە، لە كۆندا لەلایەن میرییەوە نۆژەنكراوەتەوە، بەپێی ئەو دەرخستەیەی بۆی ئەنجامدراوە بۆ نۆژەنكردنەوەی پێویستیان بە بڕی (١٠،٠٠٠)قروش دەبێت و دەتوانرێت بەو بڕەپارە نۆژەنكردنەوەكە تەواوبكرێت، لە نوسـراوەكەدا ئاماژە بەوەیش كراوە ئەگەرچی ئەو تۆمارەی لەو بارەیەوە هاتوو تەریب نییە لەگەڵ ڕێســـا بیناكارییەكان، بەڵام نیشـــاندانی ئەو كەرەســـتە و پێویســـتییانە بە نرخی مامناوەندی بە پێی نیزامی ناوچەكە، بە كەمكردنێكی ئاشـــكرا، هەركەس پەیمان بدات و كەفیل بەهێز پیشـــكەش بكات، ئەوا بە(قۆنتراطور، گرێبەســـت و مەرجی بەهێز) پێیدەدرێت، ئەگەر لەو بڕە خوارتر دە ست نەكەوت، ئەوا بەپێی دەرخ ستەی ناوبراو بە ئاگاداری مەجلس و بۆ كاری پێوی ست ئاڕا ستەی وەزارەت دەكرێت، ڕەزامەندی لەســـەر بڕی دیاریكراو بدرێت.[٣٠] بەم شـــێوەی دوای گرتنەبەری ڕێوشـــوێنە بیرۆكراتییەكان، بە لەبەرچاوگرتنی بایەخ و گرنگی بۆ ناوچەكە نۆژەنكراوەتەوە.

**٢،٥. نۆژەنكردنەوەی پردی چیمەن لە نێوان كفری- قەرەتەپە ١٨٦٠**

٢٩ موصل ولایتی سالنامەسی، ١٣٣٠ سنە هجریەسنە مخصوص اولمق ازرە بشنجی دفعە اولەرق موصل مطبعەسندە طبع اولنمشدر، ل ٧٤.

30 BOA. MVL. 343. 137.01.

لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دارایی کە لە بەرواری(١ کانوونی دووەم ١٨٦٠ز) بۆ مەجلسی والای ناردووە، هاتووە پردی چیمەن کە کەوتۆتە نێوان کفری- قەرەتەپە لەسەر ڕێگەی بەغدا، کە سەربە قائیمقامییەتی زەنگابادە، خراپبووە و تێکچووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی گرفت و نارەحەتی بۆ فەرمانبەرانی پۆستە و ڕێبوارانی ئەو ڕێگە دروست بکات، هەربۆیە داوای کردووە، هەم مەئمورێکی بۆ دانبرێت و هەمیش نۆژەنبکرێتەوە و پارەی پێویستی بۆ تەرخانبکرێت.[٣١] شایەنی باسە (مەجلسی والای ئەحکامی عەدلییە) ناوەرۆکی ئەو داواکارییەی وەزارەتی دارایی بە نوسراوی فەرمی خۆیان بە ژمارە (٩٧٨) لە بەرواری (٢٠کانوونی یەکەم ١٨٦١ز) بە مۆری ئەندامەکانییەوە بۆ سەدارەت(سەرۆکایەتی حکومەت)ناردووە، سەرەڕای دووبارەکردنەوەی داواکارییەکەی وەزارەتی دارایی، ئاماژەیان بەوەکردووە لەبەرئەوەی پردەکە لەسەر ڕێگای سەرەکییە ئەگەر نۆژەنکردنەوەی دوابخرێت ئاستەنگی بۆ فەرمانبەرانی پۆستە و ڕێبوارانی ئەو ڕێگەیە دروستدەکات، لەبەرئەوە پەلەکردن لە نۆژەنکردنەوەی بەکارێکی پێویست دەبینرێت.[٣٢] بەپێی ڕێوشوێنی بیرۆکراتییەت لە دەوڵەتی عوسمانی سەدرئەعزەم پوختەی ئەوە داواکارییەی بەنوسراو و واژۆی خۆیەوە لە(٣١ کانوونی یەکەم ١٨٦١ز) خستۆتە بەردەم سوڵتان، دوای ئەوەی سوڵتان داواکارییەکە و نوسراوەکەی سەدری ئەعزەمی دیووە و داواکارییەکەی وەک خۆی لە (١ کانوونی دووەم ١٨٦٢ز) پەسەندکردووە و فەرمانی سوڵتانی بۆ پرۆژەکە دەرچووە.[٣٣]

بەهۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر نۆژەکردنەوە و تێکچوون و خراپبوونی پردی ناوبراو، جارێکی دیکە و دوای ئامادەکردنی دەرخستەی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوەی داواکراوە بە تەرخانکردنی بڕی(١٣٦٠٧) قروش لە داهاتی موڵک وماڵەکانی سوڵتان نۆژەنکردنەوەی پردی ناوبراو ئەنجام بدرێت، ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی کۆمیسۆنی موڵک و ماڵەکانی سوڵتان لە ویلایەتی موسڵ کە لە (١ مایس ١٨٩٠ز) دا بۆ خەزێنەی شاهانە نێردراوە و ئەویش بە واژۆی خۆی لەو بەروارە خستوویەتییە بەردەم سوڵتان، لە( ٤ مایس ١٨٩٠ز) لەلایەن سوڵتانەوە ڕەزامەندیی لەسەر خەرجکردنی پارەی دیاریکراو دراوە و فەرمانی بۆ نۆژەنکردنەوەی پردی ناوبراو دەرکراوە.[٣٤]

### ٣,٥. **بونیاتنانی بارەگای حکومەت لە کفری** ١٨٦٧ز

مەجلسی والای ئەحکامی عەدلییە، لە ٢٦ی ئاداری ١٨٦٧ز بە نوسراوی ژمارە(١٥٦٤) ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی دارایی لەمەڕ خەرجی کڕینی زەوی و تێچووی دروستکردنی بارەگای حکومەت لە قەزای کفری ئاڕاستەی سەرۆکایەتی حکومەت کردووە، تێیدا هاتووە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی(١٠ی ئاداری ١٨٦٧ز) کە بۆ مەجلسی والا نێردراوە، بارەگای قائیمقامییەتی زەنگاباد لە شارۆچکەی کفری بە فەرمانی باڵای سوڵتانی دروستکراوە، بە بەهای(٣١٠٣٧,٣ ) بۆ بینای ناوبراو باغچە و کێڵگە کڕدراوە، لەو پارە بڕی (٢٥٧٣) قروشی لە بەرووبوومی ساڵەکانی دوو ساڵی پێشوو دراوە،

---

31 BOA. MVL. 750. 73. 01.

32 BOA. İ.MVL. 459. 20669. 01.

33 BOA. İ.MVL. 459. 20669. 02.

34 BOA. HH.İ. 76.41. 01.

بە لێداشــکاندنی ئەوە برە، ئەوەی ماوەتەوە بڕی(٢٨٥٦٤)قروش، ڕەزامەندی خەرجکردنی ئەو برە بەندە لەســەر ڕا وبۆچوون دەوڵەت، وا بڕیـارە بینـای بـارەگـای نـاوبراو بە بڕی (٢٠٠٠٠) قروش تێچوو دروســـت بکرێـت، لە کۆتـایی نوسراوەکەدا ئاماژەیان بەوەکردووە، بەمەبەستی بەتەواوی پەسەندنی خەرجکردنی ئەو بیست وهەشت هەزار قروشە نوســراو بۆ وەزارەت کراوە.[٣٥] بەو شـێوە و لە چوارچێوەی ڕێوشـوێنە بیرۆکراتییەکان، سـەدرئەعزەم لە( ١ی نیسـانی ١٨٦٧ز) پوختەی ناوەڕۆکی نوســراوەکەی مەجلســی والای بە واژۆی خۆی خســتۆتە بەردەم ســوڵتان بۆ نیشــاندنی ڕەزامەندی و پێدانی فەرمانی ســوڵتانی، وەک لە پەراوێزی نوســراوەکەی ســەدرئەعزەم دا دەردەکەوێت ڕۆژی دواتر، واتا لە ٢ی نیســان١٨٦٧ز ڕەزامەندی لەســەر ناوڕۆکی نوســراوەکە دراوە.[٣٦] بەو جۆرە بە تەرخانکردنی نزیک بە (٥٠٠٠٠) قروش بۆ کڕینی زەوی و تێچوویی دروســتکردنەکەی بارەگای حکومەتی تایبەت بە قائیمقامییەت لە ســاڵی ١٨٦٧ز لە کفری دروستکراوە.

شـایەنی باسـە لە سـەر داوای وەزارەتی دارایی و لە ٢٨ی تشـرینی دووەمی ١٩٠٠ز بینای بارەگای حکومەت لە کفری نۆژەنکراوەتەوە، ئەوەش وەک لە بەڵگەنـامەیەکـدا هـاتووە،وەزارەتی نـاوخۆ داوای لە وەزارەتی دارایی کردووە بەر لەهاتنی وەرزی زستان کاروباری نۆژەنکردنەوەکە تەواو بکرێت.[٣٧]

### ٤,٥. نۆژەنکردنەوەی خانەقای خالدی لە کفری

ســـەبارەت بە دامەزرێنەر و ســـاڵی دامەزراندنی ئەم خانەقایە لە کفری، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ئاماژەی بەوەکردووە ئەو خانەقایە لەلایەن شیخ عومەر زیائودین(١٨٣٠-١٩٠٠)ەوە لە ساڵی (١٣٠٦کۆچی) ساڵی(١٨٨٨ یان ١٨٨٩ز) دروســتکراوە، ناوبراو لە بابەت ئامادەکردنی تێچووی دروســتکردنی ئەو خانەقا باســی لەوەکردوە کە گێڕاویانەتەوە شــێخ عومەر ئەســپێکی هەبووە فرۆشــتوویەتی بە (٤٠) لیرە بۆ ئەوە پارچە زەوییەکی پێ بکرێت بۆ خانەقاکە، ئەو پـارچە زەوییە هی مەجیـد بەگی بـابـان بووە کـاتێـک بەو خەیـاڵەی شــێخی زانیبوە پـارچە زەوییەکی بێپـارە پێشـکەشـکردووە، دواتر بە هەرەوەزی و کۆمەک و پیتاکی خێرخوازانی کفری دروسـتکردنی خانەقاکە تەواو کراوە.[٣٨] دواتر شــێخ عومەر لە ســاڵی (١٨٩٤ یان ١٨٩٥ز) نامەیەکی بۆ ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ناردووە و بۆ کردنەوەی مزگەوتێک لەوێدا ناوبراو بڕی(١٠٠) لیرەی ناردووە مزگەوتەکە بەناوی ســـوڵتانەوە دروســـتکراوە، هەر خودی شـــێخ عومەری زیائودین، مەلا ئەحمەدی کانی کەوەیی خەلیفەی خۆی لەســـەر خانەقای کفری داناوە و تاوەکو پێشـــنوێژی و خەتم و تەهلیلەیان بۆ خەڵکەکە بکات.[٣٩]

---

35 BOA. İ. MVL. 570. 25608. 1.

36 BOA. BOA. İ. MVL. 570. 25608. 2.

37 BOA. DH. MKT. 2432. 96. 01.

٣٨ یادی مەردان، شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان، هەندێ لە مورید و مەنسووبە دیارەکانیان، بەرگی دووهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووهەم، هەولێر- ٢٠١١، ل ١٣٠.

٣٩ هەمان سەرچاوە. ل ١٣١.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وادیارە کاروباری بیناکاریی خانەقاکە بەدروستی تەواو نەبووە، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوای دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی کەم و لە ساڵی ١٨٩٣زدا داوای دەستکردن بە نۆژەنکردنەوەی کراوە. بەجۆرێک لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٣ز دا لەلایەن خەزێنەی تایبەتی سوڵتانەوە دەرچووە، تێیدا باس لەوەکراوە خانەقا و مەدرەسەی خالیدی لەکفری هێشتا تەواو نەکراوە، پێویستی بە تەواوکردن و نۆژەنکردنەوە هەیە، بۆ ئەوە مەبەستەیش پیویستی بە تەرخانکردنی بڕی (٢٤٩٨٣)قروش هەیە، ئەگەرچی لە پیشدا ئەو بڕە پارەیە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت، لێ بەپێی نوسراوی کۆمیسیۆنی موڵک وماڵەکانی سوڵتان لە موسڵ دەرکەوتووە بڕی(٤٠٠٠) قروش لەپارەکە ماوەتەوە، بڕی تێچووی نۆژەنکردنەوەکە بۆ(٢٠٩٨٣) قروش کەمکراوەتەوە.[٤٠]

لە ١١ی تەموزی ١٨٩٥ز بڕیار لەمەڕ نۆژەنکردنەوە و تەواوکردنی کەموکوڕییەکانی ئەو گەڕەکەی فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی تێدا ماونەتەوە دراوە.[٤١] هەروەها لە ٩ی شوباتی ١٨٩٨ز داواکراوە دووبارە و سەرلەنوێ ئیدارەخانەیەک بۆ مەرکەزی معاونییەتی شوعبەی سەڵاحییە لە شارۆچکەی قەرەتەپە دروستبکرێت و بۆ ئەوە مەبەستە نوسراو و دەرخستەی پێویست بۆ دەوڵەت نێردراوە.[٤٢] دواتریش لە ناوەڕۆکی نوسراوێکی دیکەی خەزێنەی تایبەتی سوڵتاندا دەرکەوتووە خانەقا و مەدرەسەکەی هیچ جۆرە وەقفێکیان لەسەر تایبەت نەکراوە و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەبووە و بە دەرخستەیەک داوای بڕی(٧٣٤) قروش کراوە بۆ نۆژەنکردنەوە.[٤٣]

بەلەبەرچاوگرتنی گرنگ و بایەخی ئەو خانەقا و مەدرەسەکەی، جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٠٠ز دا داوای زیادکردن هەندێک بەش و نۆژەنکردنەوەی هەندێک جێگەی خانەقا و مەدرە سەکەی کفری دەکرێت، لە نو سراوێکی کۆمیسیۆنی موڵک وماڵەکانی سوڵتان لە موسڵ کە بە ژمارە(٣٨) لە ڕێکەوتی ٢٤ مایس ١٩٠٠ز بۆ بەڕێوەبەری خەزێنەی تایبەتی سوڵتان نێردراوە، لەمەڕ خانەقا و مەدرەسەی کفری داواکراوە: بڕی (٩٤٠) قروش تەرخان بکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەی ئاودەستخانە و غوسڵخانەی هەندێک جێگەی قوبەکانی خانەقای خالیدی کە پیویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەبووە تەرخانبکرێت، داواشکراوە مووچەی مودەریس و بانگبێژی خانەقاکە بدرێت. ئەم نوسراوەش بە مۆری سەرۆکی کۆمیسیۆن و ئەندامەکانی نێردراوە.[٤٤]

---

٤٠ خالد مەحمود کەریم، دەرکەوتنی یەکەمین تەکیە و خانەقاکان لە گەرمیان، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بە قەزابوونی کەلار، ژمارە(٧)ی شوباتی ٢٠٢٣، ل ل ٤٥-٤٦.

41 BOA. HH.İ. 98.49.

42 BOA. HH.İ. 112. 43.

٤٣ خالد مەحمود کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

٤٤ BOA. HH.THR. 346. 74. 15. وەکو لە نوسراوێکی دیکەی کۆمیسیۆنی موڵک و ماڵەکانی سوڵتان لە موسڵ دا دەرکەوتووە، بە نوسراوی ژمارە(٥٠) لە بەرواری(٥ تەموزی ١٩٠٠ز)، فەرمانی باڵا بۆ خەرجکردنی بڕەپارەی داواکراو دەرچووە، بەڵام دەرکەوتووە ئەو بڕە بەشی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەکەی نەکردووە، بۆ ئەو مەبەستە کۆمیسیۆنی ناوبراو بەهەمان شێوەی جاری پێشوو لە(٢٧ مایس ١٩٠٣ز) جارێکی دیکە داوای بڕی(٥٥) قروشی دیکەی کردووە بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە. بڕوانە:

BOA. HH.THR. 346. 74. 14.

**ئەنجام**

یەکەم: زانیاری ناو بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەڕوونی ئەوەیان نیشانداوە کە کفری پێگە و بایەخێکی ستراتیژی، ئابوری، ئەمنی و سەربازی بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبووە. ئەوەش لەبەر ئەوەی کەوتۆتە سەر ڕێگای بەغدا- ئەستەموڵ لەلایەک، نێوان هەردوو ویلایەتی موسڵ- بەغدا لەلایەکی دیکە. ئەمە جیالەوەی کەتبووە سەر کاروانە ڕیگای بازرگانی ناوخۆی نیوان سلێمانی- بەغدا...هتد، هەر لەبەرئەوە بە فەرمانێکی باڵای سوڵتانی لە ١٢ی ئەیلولی ١٨٥٤ز بڕیاردراوە کفری، زنگاباد، قەرەتەپە و دوزخورماتوو بکرێتە یەک قەزا و ئاسایشێ ئەو ڕێگە بپارێزرێت.

دووەم: لە سەر بنەمای ئەو بەڵگەنامە کە لە فەرمانی سەدر ئەعزەم و ڕەزامەندی سوڵتانی لە سەرە دەتوانرێت ١٢ی ئەیلولی ١٨٥٤ وەکو مێژووی بەرواری بە قەزابوونی کفری دابنرێت.

سێیەم: کفری لەپاڵ پێگە ستریتیژییەکەی دەوڵەمەندی بە کانزای سروشتی (خەڵوز بە نموونە)، و جێ هەوارگەی زستانەی کۆنفیدراسیۆنی گەورەی هۆزی جاف و چەند پاڵدەرێکی دیکە بایەخ و پێگەی ئابووری کفریان بۆ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و دەوڵەتی عوسمانی زیاتر کردبوو.

چوارەم: هەر ئەو گرنگی و بایەخی لە خاڵەکانی پێشوودا با سکران، وایان لە دەوڵەتی عو سمانی کردووە، سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٦ز بڕیاری دامەزراندنی تەلەگراف لە کفری پەسەند بکات و مەرکەزی تەلەگراف لە شارەکەدا دابمەزرێنیت و شارەکە بخاتە سەر نەخشەی تەلەگرافی دەوڵەتی عو سمانییدا و بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە زووتر تەلەگرافی پێگەیشت.

پێنجەم: بەڵگەنامەکان ئەوەیان بۆ ڕوونکردینەوە لە نێوان ساڵانی ١٨٨٩-١٩٠٠ز لە سنوری قەزای کفری چەند جۆرێک پەتا و نەخۆشی لە نمونەی (کولێرا وتای پیس) بڵاوبووەتەوە و گرفتی بۆ تەندروستی خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە، هەروەها هەر لەوساڵانەدا شاڵاوی کولە زیانی زۆری بە بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیارانی ناوچەکە گەیاندووە.

شەشەم: وەک لە تەوەری پێنجەمی ئەم توێژینەوەدا دەردەکەوێت لە ماوەی ١٨٥٢-١٩٠٠ ژمارەیەکی بەرچاو پرۆسەی نۆژەنکردنەوە و بیناکاریی لە سنوری ئیدرای قەزای کفریدا ئەنجام دراوە، ئەمەش دیسانەوە دەکرێت بەڵگەبن لەبارەی بایەخ و پێگەی ئەم قەزا لەلای ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانی.

**سەرچاوەکان**

یەکەم بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان

BOA. İ. MVL. 570. 25608.
BOA. DH. MKT. 2026. 95.
BOA. DH. MKT. 2031. 93.
BOA. DH. MKT. 2432. 96.
BOA. DH.MKT. 1651. 118.
BOA. DH.MKT. 1659. 113.
BOA. DH.MKT. 1664. 66.
BOA. DH.MKT. 2037. 97.
BOA. HH.İ 80.85. 02

BOA. HH.İ. 112. 43.
BOA. HH.İ. 76.41.
BOA. HH.İ. 80.85.
BOA. HH.İ. 96.9.
BOA. HH.İ. 98.49.
BOA. HH.THR. 346. 74.
BOA. HR. MKT. 607. 69.
BOA. İ. MVL. 314. 13182.
BOA. İ. MVL. 570. 25608.
BOA. İ.DH. 246. 14981.
BOA. İ.HR. 229. 13407.
BOA. İ.MVL. 314. 13182.
BOA. İ.MVL. 459. 20669.
BOA. ML. EEM. 670. 40. 01.
BOA. MVL. 343. 137.01.
BOA. MVL. 750. 73. 01.
BOA. ŞD. 2484. 16. 2.
BOA. Y.MTV. 132. 123. 02.

دووەم: ژێدەرەکان

١. خالد مەحمود کەریم، دەرکەوتنی یەکەمین تەکیە و خانەقاکان لە گەرمیان، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بە قەزابوونی کەلار، ژمارە(٧)ی شوباتی ٢٠٢٣،

٢. صالح سعداوى صالح الدكتور، مصطلحات التاريخ العثمانى، معجم موسوعى مصور، المجلد الثالث، دارة الملك عبدالعزيز، الرياض، ٢٠١٦.

٣. کلاودیۆس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، بەرگی یەکەم، لە عەرەبییەوە، محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢.

٤. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان، هەندێ لە مورید و مەنسووبە دیارەکانیان، بەرگی دووهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠١١.

٥. موصل ولایتی سالنامەسی، موصل ولایتی ایچون برنجی دفعه،عربی ١٣٠٨، رومی ١٣٠٣، موصل ولایتی مطبعەسندە طبع اولنمشدر،

٦. موصل ولایتی سالنامەسی، ١٣٣٠ سنه هجریەسنه مخصوص اولمق ازره بشنجی دفعه اولەرق موصل مطبعەسندە طبع اولنمشدر.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034